**وەزیری دەرەوەی بریتانیا دەڵێ: رژێمی ئێران فێڵ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکا**

دیوید میلیبند، وەزیری دەرەوەی بریتانیا ووریایی دا کە رژێمی ئێران بە بەرنامەی نهێنی پیتاندنی ئورانیوم، فێڵ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکا. ناوبراو کە لە بەردەم هەواڵنێراندا قسەی دەکرد، گوتی: رژێمی ئێران لە وەڵامی ئەوەی پێویستیی بە پیتاندنی ئورانیوم چیە؟ خۆ دەبوێرێ، ئەو رژیمە بۆ ماوەی دوو دەیە بەشە گرینگەکانی بەرنامەی ناوکەیی بە نهێنی درێژە پێ داوە و ئێستاش رێگە نادا پشکێنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئەو شوێنە گرینگانە ببینن. ئەگەر رژێمی ئێران بەرنامەی ناوکەیی خۆی ڕانەگرێ، دەبێ پەنا ببەینە بەر ئابلۆقەی زیاتر.